**کورتە وەڵام/ 19 بۆ هۆنراوەیەک**

**هۆنراوەکە:**

**هەرکات مێژو دەخوێنمەوە**

**بەهەردو دەس چاوم دەگرم**

**دەڵێم نەکا لەشەرمانا**

**لەبەردەمی دێڕێک بمرم**

**پەڕەی مێژوی کورد هەروایە**

**تا سەیریکەی شەرمی تیایە**

**یان زێدی خۆی فرۆشتوە**

**یان کورد**

**خودی خۆی کوشتوە**

**وەڵام:**

---

**برای شیرین**

**بۆ وا رەشبین**

**ئەڕوانیتە مێژوی مەردان!؟**

**بۆتۆ ناشێ ورەبەردان**

**کورد کوا زێدی فرۆشتوە!؟**

**خۆی کوشتوە!؟**

**ئەوەی کەوا گەل فرۆشە**

**سەری گەندەڵ، سەری بۆشە**

**وای مەبینە**

**کە مێژومان ناشیرینە**

**مێژومان پڕ بەرخودانە**

**پاک و جوانە**

**لە مادەوە تێکۆشاوین**

**نەوەستاوین**

**روباریێ خوێنمان رژاوە**

**لانەمان لێتێکدراوە**

**دەسی تاوانی بێگانە**

**بێ شەرمانە**

**وەکو باهۆز**

**گەیشتە پەرتوکی پیرۆز**

**دایان لە ماڵی ئاهورا**

**سرود برا**

**بەرگیان دڕین**

**زمانیان لەبنا بڕین**

**ساواو مناڵ**

زیندەبەچاڵ

کلتوری لم، دای لە چیا

بەفر گریا!

هەرچی هەبو لەسەرو ماڵ

وەکو شنگاڵ

بەپێی پەتی، ئەنفالکرا

بۆ خەلیفەو سوڵتان برا

یا بە مەزاد، ژنی روسور

برا بۆ دور!

ئیستەش خراپتر لەجاران

بەردەوامە دەسی تاوان!

سێ گورگی بۆر تێمانبەربون

ئەمانجو وون

کەچی هێشتا خۆڕاگرین

پێداگرین

هەمان کوردین

هەر نەبەردین

***

کێشە دیارە

قەیرانی سەری هوشیارە

هەڵگری بیری پوچەڵە

کێشەمان کێشەی گەندەڵە

دنیا وایە

کە شێر نەبێ، وشتر: شایە!

جەنگەڵستان

ئەچەرخێ بە گەندەڵستان

گورگ و رێوی

پاسەوانی مەڕی کێوی

کە مەڕ خورا، چەقەڵ دادوەر

پەنجەی تاوان، ئەبا بۆ کەر!

ئابەوجۆرە، بەها ئەڕژێ

ویژدان ناچار خۆی ئەکوژێ!

دەسیش لەدوای ئەو کوشتنە

هەر دوژمنە

***

ئاشکرایە

لەم دنیایە

وڵات هەرچەندێ ئاوابێ

چەم هەرگیز بێچەقەڵ نابێ

گەل هەمیشە پێگەی دیارە

زێڕی پاکی بیستوچوارە

بڕوانە ڕۆڵەی نیشتمان

---

گەریلاو پێمیم و شەڕڤان

دوای ئەو هەمو وەیشومانە

خۆبەخشانە

بزانە چۆن هەڵمەت ئەبەن

چۆن دڕ ئەدەن

بەنێروی سێ ڕەگەزی تاڵ

بەخوێنی ئاڵ!

قەندیل و کۆبانێ و هەڵگورد

گەواهن بۆ بزورگیی کورد

❊❊❊

وەرە برام بۆناو جەنگەڵ

بۆ ڕادانی دزو گەندەڵ

وەرە مەیدان

بە کۆڵنەدان

بەگەشبینی و بەبیری پاک

بەگوفتارو کردەوەی چاک

گرێ کوێرە ئەکرێتەوە

ئەنجام، گرەو ئەبرێتەوە

ئاوا خۆمان

لە زێدی خۆ، ئەبین بەخان